# خۆزگەیەک لە نێو گریانەوە

خالید بەرزنجی
khalidbarznji@gmail.com

خۆزگە وەکو جاران
ئەهاتمەوە بەرچاوانت
ئەمگرت تیشکی خۆر لێت و
ئەمووت شەڕی دووریت پێ ئەفرۆشم

یان وەک دوو سمۆرەی سرک
بەسەر باڵای کالیپتۆسی تاسەوە
چڵ بەچڵی دارستانێک بەدوای یەکەوە
پاش هەڵبەز و دابەزمان لەم دار بۆ ئەو دار
شەکەت بین..ماندووبین...عارەقبکەینەوە...بنوین
تا لە باراناوی ئەم جەنگەڵە خواییە تێر بنۆشم....

خۆزگە ئەمجارە
بەدەفتەرێ پڕ لە چیرۆکەوە دابنیشتینایە
ئەو وورێنانەم بۆ بخۆێندیتایەوە کە شەوانە پێش نووستن و کاتی نووستن نووسیومن
یان ئەو تاریکیانەی پەڕاو و پێنووسەکەمی دانەئەپۆشی

خۆزگە جارێکی تر
ئەهاتمەوە بەردەمت
ئەمجارەیان بەدڵ ئەگریام
بە کوڵ...
بۆ ئەو فرمێسکانەی کە زیندانی نێو چاومن و

ئومێدی دەرچوونیان نییە

بۆ ئەو بەیتە شیعریانەی کە لەسەر لێواری زمانما ئەمرن
بۆ ئەو دربڕینە سادەیەی کە خۆیشم پێکەنینم پێیان یەت
بە دڵ ئەگریم بە کوڵ
کە ڕووخسارم ئەگەر توانای قسەی نەمابێ
کە باڵام توانای ئامێزانبوونی نەمابێ

کە دەنگی بولبولیم لە ناو تارمایی تەنهاییمدا نوسابێ...ئیتر نەتوانم گۆرانی بڵێم
کە باڵەکانم لەگەڵ چۆلەکەیەکی وێڵدا فڕیبێ...ئیتر نەتوانم بفڕم لەگەڵت

دەبێ بگریم...

کە هاتمەوە ئەمجارە
لەبەرمبەردا ئەگریم....
هیچم بۆ ووتن نەماوە
جگە لە گریان.....گریان
گریانێک بە بێ فرمیسک....گریانیک بەبێ هاوار...بەبێ ناڵە

لەم وولاتەدا زۆر شتم وونکرد
ئەو پەرتوکەی پێش سەفەر کە کڕیبووم وونم کرد
ئەو قورعانەی کە دایکم خستبوویە ناو جانتاکەم وونمکرد
ئەو ووێنەیەی کە لەسەر گۆیژە گرتبووم وونمکرد
ئەو دەفتەری یادەوەریەی کە لە گەڵ هاوڕێکەمدا نووسیمانەوە وونمکرد
هەموویم وونکرد.....
پێکەنینەکانم....ئاوازەکانم....نوکتەکانم...وونبوون

تەنها گریان ماوە
گریانێک بەبێ فرمێسک...
بۆ ئەو تەنها وێنەیەی کە لە مێشکمدا ماوەو وونەبووە..

خۆيشم وون ئەكەم..ئەو وێنەيەت وونناكەم
بەو وێنەيەدا خۆم ئەدۆزمەوە...

زۆر جار خۆم ووندەكەم..
بەڵام ئەو نيگارەت ئەمباتەوە سەر هەمان شوێنی سەرەتا

زۆر جار ڕێ وون ئەكەم..
بەڵام ئەو تابلۆيەت ئەمباتەوە سەر شاڕيگەی شار...

زۆر جار تەمەنم وون ئەكەم
بەڵام ئومێدی ديدارت ئەمباتەوە سەر سەرەتای هەرزەكارييم..

من ئێستا لەسەر لێواری دوو نەوەدا ياری ئەكەم
نازانم سەربە چ لايەكم
كێ بە كوڕی خۆيم دا ئەنێ...

من نەک ماڵ.. بەڵكو كەسوكاری خۆيشم وونكردوە...

بەس سەر بە تۆم
لەو وولاتەيا ئەژيم كە  شاری تۆی تيايە....
لە ژێر ئاسمانێكدا ئەژيم كە ئەستێرەی تۆی تيا ببينم...

من بڕوام وانييە كە يەک ئاسمان هەبێ....
يان تەنها يەک مانگ هەبێ..يان يەک خۆر
بۆ ژيانێک سەدان ئاسمان و بۆ ئاسمانێک سەدان مانگ و خۆر هەن...
بۆ هەر ئاسمانێک  پێغەمبەرێک هەيە

من خۆم نە ئاسمانم هەيە نە مانگ نە پێغەمبەر
ئەمەوێ لەژێر ئاسمانی تۆ دا مانگ ببينم
هەرلەوێش ئيمان بەو پێغەمبەرە بهێنم...
ڕێم بە با بەبێ ئيمانی نەمرم..

هەر هیچ نەبێ پێش بە غوباربوونم با مانگ ببینم
ئەزانم گەر مانگ ببینم
حیکایەتەکانی منالّیم بەبیر یەتەوە
گەر ئاسمان ببینم فێری ترس ئەبم لە خوا

ببمبەرەوە ناو باوەشت
لەوێوە موعجیزەکانم پیشان بە

ئەترسم لەگەڵ بینینی هەر موعجیزەیەکدا وەک موسا ببورێمەوە
ئەترسم لە گەرمی باوەشتدا بتوێمەوە...

من خۆم لەم وولاّتەیا هیچم بیر نەماوە....

تەنها گریان نەبێ
گریانێ بەبێ فرمێسک....بەبێ هاوار و نالّە....

زستانی 2007
ئەمریکا